

گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ
جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم



جۆرج ئۆرویل
و: هیوا علی

# من بۆچی دەنووسم؟

ەتەمەنێکی زۆر زووەوە، دەشێ پێنج یان شەش ساڵان بووبێ، کە گەورە دەبووم دەمزانی پێویستەبم بە نوسەر. لە نێوان تەمەنی حەڤدە بۆ بیست و چوار ساڵی ویستم ئەم کەڵکەڵەیە لە مێشکم توربدەم، لێ هەندە بە ئاگاهییەوە ئەمەم دەکرد، سروشتی راستەقینەی خۆم دەشێواند، بۆیە درەنگ یان زوو دەبوایە لەنگەر بگرم و دەست بە پەیڤین بکەم.

لەنێو سێ منداڵدا من منداڵی ناوەنجی بووم، بەڵام لەهەر سەرێکەوە پێنج ساڵمان بەین بوو، کە تەمەنیشم هەشت ساڵان بوو، باوکی خۆم وا نەدی. لەبەرئەم هۆیە و چەندانی تر تارادەیەك تەنیا بووم، هەر زوو رەفتاری نەشیاو لە مندا چەکەرەیان کرد و بە درێژایی رۆژانی قوتابخانە نەویستراویان کردم. خووی منداڵێکی تەنیام هەبوو، کە خەریکی خولقاندنی چیرۆك بووم و گفتوگۆم لەتەك کەسانی خەیاڵیدا دەکرد، لاموایە هەر لەسەرەتاوە تموحی ئەدەبیم تێکەڵەیەکی هەست بە گۆشەگیری و خۆکەمنرخاندنی لەخۆگرتبوو. دەمزانی کە توانام هەیە لە مامەڵەکردن لە تەك وشە و وەستان بەرووی حەقیقەتی تاڵ، و هەستمدەکرد ئەمە دنیایەکی تایبەتی خولقاندبوو کە دەمتوانی خۆمی تێدا بدۆزمەوە، کاتێك کە لە دنیای راستەقینەدا وندەبووم. وێرای

ئەمە، ژمارەی بەرهەمە جدیەکانم، مەبەستم ئەوانەیە کە بە ویستێکی جدیەوە نوسیبوونم، بە درێژایی تەمەنی منداڵی و هەراشیم لە نیو دەرزەن تێپەری نەدەکرد. یەکەم هۆنراوەم لە تەمەنی چوار، یاخود پێنج ساڵیدا نووسی، دایکم خاڵبەندییەکەی بۆ کردم. هیچ شتێکم لەبارەیەوە بیر نایەت، جگە لەوەی کە دەربارەی پڵنگێك بوو، پڵنگەکە «ددان کورسی ئاسا»بوو—دەستەواژەیەکی خراپ نییە، بەڵام پێموایە هۆنراوەکە دزینێکی ئەدەبی بوو لە «پڵنگ پڵنگ»ەکەی بلەیك. لە تەمەنی یانزە ساڵیدا، کاتێ کە جەنگی (١٩١٤–١٩١٨)بەرپابوو، هۆنراوەیەکی نیشتیمانیم نووسی کە لە رۆژنامەیەکی ناوخۆدا بڵاو کرایەوە، دوای دوو ساڵ، بە وێنەی ئەوی تر دانەیەکی کەم لەسەر مەرگی کچنەر نووسی. سەرەتا کە دەچوومە ناو تەمەنەوە بە ستایلی جۆرجیەن «هۆنراوەی سروشت»ی نیوەچڵ و خەراپم دەنووسی. هەوڵیشم لە تەك کورتەچیرۆکێکدا کە ئەنجامەکەی نشوستییەکی سامناك بوو. ئەمە سەرجەمی ئەو کارە بەناو جدیانەم بوو کە لەسەر کاغەز لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا نوسیبوونمەوە.

بە هەر حاڵ، بە درێژایی ئەم ماوەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە چالاکی ئەدەبییەوە سەرقاڵ ببوم. خێرا و ئاسان بەرهەمی بەکردندراوم دەنووسی، بەڵام هیچ چێژێکی بۆ خۆم لە خۆ نەگرتبوو. وەك بەشێك لە کاری قوتابخانە (ڤێرس دۆکەیژن)م دەنووسی، ئەمانە هۆنراوەی گاڵتە ئامێز بوون، لە ئێستادا لام سەیرە کە چۆن ئاوا خێرا نووسیومن. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لە ماوەی هەفتەیەکدا شانۆنامەیەکی سەروادارم نووسی لە لاساییکردنەوەی ئەرەستۆفانس، ئەرکی سەرنوسیاری و وەشاندنی کۆوارێکی قوتابخانەم لە ئەستۆگرتبوو. ئەم کۆوارانە هەژارترین مادەی بێرلیسك بوون کە دەتوانی بیریان لێبکەیەوە، لەگەڵ ئەوانە خۆم کەمتر توشی کێشە دەکرد، تەنانەت کەمتر لە بێنرخترین رۆژنامەگەری ئەمرۆدا. بەڵام هاوشان لەگەڵ ئەمانە، بۆ ماوەی پانزە ساڵ یان زێدەتر، ئەمجارەیان مومارەسەی شتێکی تری ئەدەبی تەواو جیاوازمکرد: ئەویش خولقاندنی «چیرۆك»ی نەپساوە دەربارەی ژیانی خۆم، جۆرە لە یادنامەیەکبوو کە تەنها لە ئاوەزی مندا بوونی هەبوو، لاموایە ئەمە خوویەکی زێدە باوە لەنێو منداڵان و هەرزەکاراندا. خۆم وەك بلێی رۆبن هود دەهاتە بەرچاو، وەك پاڵەوانێکی سەرکێشی خرۆشاو خۆم وێنادەکرد، بەڵام هەر زوو «چیرۆك»ەکانم ساف دەبوونە نارگیزی و زێتر و زێدەتر تەنها دەبوونە وەسفێك بۆ ئەو شتانەی کە دەمکردن و دەمبینین. جاروبار بۆ چەند خولەکێك شتێکی ئاوا بە مێشکمدا گوزەری دەکرد:»کابرا پاڵێکی بە دەرگاکەوە ناو خستیە سەرپشت و هاتە ژوورەوە. تاڵێکی زەردی تیشکی خۆر بەنێو پەردەیەکی لۆکەی تەنك فرەفریبوو و شکابووەوە سەر مێزێك کە پاکەتە شقارتەیەکی نیوە دەم داپچریو بەسەریەوە لەتەك شوشەی مەرەکەبێکدا کەوتبوو. گەڵۆ بەخۆیی و دەستی راستی لە گیرفانی بەرەو پەنجەرەکە رێی دەکرد. لەسەر شەقامەکەش لە خوارەوە، پشیلەیەکی کالیکۆ رەدووی گەڵایەکی وشك دەکەوت» هتد. ئەم خووە درێژەی کێشا تاوەکو گەیشتمە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی، بەنێو ساڵانی نائەدەبیم. لەگەڵ ئەوەیش کە گەرەکبوو بەدوای وشەدا بگەرێکم، لە راستیدا کەمتەرخەم نەبووم، وێدەچوو ئەم هەوڵە ئاشکرایەم پێچەوانەی ویستی خۆمبوبێ، وەك هەبوونی جۆرە گوشارێکی دەرەکی. و دەبێ «چیرۆك»ەکە رەنگدانەوەی ستایلی چەند نوسەرێك بووبێ، کە لە تەمەنی جیاوازدا دڵم پیایانداچووبوو. بەڵام لە یادمە هەمیشە شێوازێکی وەسفی وردی هەبوو.

کە تەمەنم نزیك شانزە ساڵان بوو، لەپر درکم بە چێژی ئەم وشانە، مەبەستم دەنگ و پەیوەندی وشەکان بەیەکەوە، لەم دوو نیوەدێرەی «بەهەشتی لەدەستچوو»م کرد:

ئینجا ئەو و بە کاری قورس و سەخت بەردەوام بوو لە کاری قورس ئەو.

هەرچەندە لە ئێستادا وایش نایاب نایانبینم، بەڵام ئەو کاتە موچرکێکی خستە بربرەی پشتم. نووسینی «ئەوو» لەبری «ئەو» چێژێکی زێتری دەبەخشی.

سەبارەت بە پێویستی وەسفکردنی شتەکان تەواویم دەزانی، بۆیە ئاشکرایە کە دەمویست چ جۆرە کتێبێك بنووسم. دەمویست رۆمانی «سروشت»ی زل بنووسم بە تراژیدیا بە کۆتابێت، کە تژیبن لە وەسفی دوورودرێژ و لێکچواندنی سەرەنجراکێش، هەروەها تژیبن لە پاسیجی رازاوە کە تێیاندا وشەکان بەشێکی لە خزمەت دەنگیان بەکارهاتوون. لە راستیدا یەکەم رۆمانی تەواوکراوم (رۆژانی بورمە) جۆرێکە لەم کتێبانە، کە لە تەمەنی سی ساڵیدا نووسیم، بەڵام پێشتر پلانێکم بۆی دانابوو.

ئەم هەموو زانیاریانەش سەبارەت بە باکگراوندی خۆم دەخەمە بەردەست، چونکە لاموانیە کەسێ بتوانێ مەبەستەکانی نوسەرێك بەبێ زانینی شتێك دەربارەی ژیانی رابردووی هەڵبسەنگێنێ. سەردەمی ژیانی نوسەرەکە بابەتی نوسینەکەی دیاریدەکات، بەلایەنی کەم، ئەمە لەم سەردەمە پر شۆرشەی ئیمرۆکەدا راستە. بەڵام بەرلەوەی بنوسێ، نوسەر هەڵوێستێکی هەسیاری وەدەستهێناوە کە هەرگیز بە تەواوی دەستبەرداری نابێ. بێگومان کاری خۆیەتی کە جلەوی میزاجی بکات و خۆی لە چەقین لە هەندێ قۆناغی ناهەراشی و هەڵسوکەوتی جارسکەر وەدووربگرێ، بەڵام ئەگەر بەتەواوی لە کارتێکەرە سەرەتاییەکانی رابردووی وەرسورێ، ئەوا ئیلهامی خۆی لە نوسیندا دەکوژێ. گەر لە پێویستی بەدەستهێنانی بژێو بگەرێین، پێموایە چوار پاڵنەری گەورە هەیە بۆ نووسین، بۆ

گۆڤارێکی فکریی هەمەرەنگ
جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

نووسینی پەخشان، کە لە هەر نوسەرێکدا پلەی جیاوازیان هەیە و ڕێژەکەی لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر دەگۆڕێ، ئەمیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە نوسەر تێیدا گوزەران دەکات، بریتین لەمانە:

١-ئیگۆیزمی تەواو: حەزی زیرەك دەرکەوتن، بوونە جێگەی قسەی خەڵك، مانەوە لە دڵ دوای مردن، هەقکردنەوە لەو کەسە پێگەیشتووانەی کە لە سەردەمی منداڵیدا فیزیان بەسەرت لێداوە و...هتد. فێڵ لە خۆمان دەکەین ئەگەر بڵێین ئەمە پاڵنەرێك نیە، پاڵنەرێکی بەهێزیش. نوسەرەکان ئەم سیفەتەیان هاوبەشە لەگەڵ زانا، هونەرمەند، سیاسەتمەدار، پارێزەر، سەرباز و بیزنزمانانی سەرکەوتوو- بە کورتی لەگەڵ هەموو مرۆڤێك لە چینی سەرەوەدا. لە ڕاستیدا حەشاماتی مرۆ خۆپەرست نین، دوای تەمەنی سی ساڵی هەستی تاکییەتی خۆیان ببرای ببر لەدەست دەدەن- تەنها بۆ ئەوانی تر دەژین، یاخود لەژێر باری کاری ڕۆتینیدا هەناسەبراو دەبن. لێ کەمینەیەکیش لە مرۆی بەهرەدار و خاوەن ویست هەن، کە سورن لەسەر تاقیکردنەوەی ژیان تا دوندی، نوسیارانیش لەم چینەن. گەرەکە بێژم کە شانازی و خودسێنتەری لای نوسەری جدی لە ڕۆژنامەنووسیش پترە، بەڵام کەمتر گرنگی بە پول دەدەن.

٢-پەرۆشی ئیستاتیکا: حاڵی بوون لە ئیستاتیکای دونیای دەرەکی، یان لە وشە و دروستی رسکاندنیان، چێژ لە کارپگەری دەنگێك بەسەر یەکێکی ترەوە بۆ توندوتۆلکردنی پەخشانێکی باش، یاخود کێشی چیرۆکێکی باش. ئارەزووی هاوبەشپێکردنی ئەزموونێك کە کەسێك هەستدەکات بە نرخە و نابێ پشتگوێ بخرێ. پاڵنەری ئیستاتیکا لای زۆر نوسەران گەلەك لاوازە، بەڵام تەنانەت نامیلکەنوسێك، یان نوسەری کتێبیکیش هەندێ وشە و دەستەواژەی تایبەت، بە مەبەستی نا پراکتیکی، بەلای خۆیاندا کەمەندکێشیان دەکەن، یاخود بەباشی بیر لە چاپ و دیزاین، فراوانی پەراوێز و...هتد دەکەنەوە. لە باری ئاساییدا، هیچ کتێبێك بە تەواوی لە گرنگی ئیستاتیکا ناتوانێ خۆی دەرباز بکات.

١-پاڵنەری مێژوویی: ئارەزووی بینینی شتەکان وەك خۆیان، بۆ دۆزینەوەی راستییەکان و هەڵگرتنیان بۆ وەچەی نوێ.

٢-مەبەستی سیاسی: بەکارهێنانی وشەی «سیاسی» بە هەموو ماناکانیەوە، ئارەزووی ئاراستەکردنی دونیا بەرەو ئاقارێکی دیاریکراو، گۆڕینی بیری خەڵك بەرەو ئەو کۆمەڵگایەی کە گەرەکە لە دوارۆژدا هەوڵی بۆ بخەنەگەر. وەك هەمیشە، هیچ کتێبێك بە دڵسۆزییەوە خۆی لە لایەنگری سیاسی وەدوورناگرێ. ئەو بۆچوونەش کە دەپێژێ هونەر بێبەرییە لە سیاسەت، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی سیاسیە.

هەروەك دەبینین کە چۆن ئەم فرە پاڵنەرانە بە ڕووی یەکدا هەڵدەشاخێن. هەروەها ئەمانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر لە هەڵکشان و داکشاندان. بەگوێرەی سروشت- وادانێ «سروشت»ی تۆ ئەو بارەیە کە لە تەمەنی پێگەیشتندا وەدەستت هێناوە- من کەسێکم کە لای من سێ پاڵنەری یەکەم، پاڵنەری چوارەم لاسەنگ دەکەن. لە سەردەمێکی پر ئاشتیدا لەوانەبوو، تەنها کتێبی رازاوە، یاخود وەسفیم نوسیبا، دەشیا لە دڵسۆزی سیاسیم بێئاگا بوومایە، بەڵام هەروەك دەبینن هەنووکە ناچاربووم ببم بە جۆرە نامیلکەنوسێك. سەرەتا پێنج ساڵم لەتەك کارێکی نەگونجاودا (پۆلیسی ئیمپراتۆری هیند، لە بورمە) بەسەربرد، دوای ئەمە کەوتمە ژێر باری نەبوونی و هەستی دۆڕان. ئەمە رقی منی بەرانبەر بە دەسەڵات ئەستوورکرد و وای لێکردم، بۆ یەکەمجار بە تەواوی درك بەبوونی چینی کرێکاران بکەم، لە ڕێی کارەکەمەوە لە بورمە تا رادەیەکی باش لە سروشتی ئیمپریالیزم حاڵی ببووم. بەڵام ئەم ئەزموونانەم بەس نەبوون، بۆ ئەوەی ئاراستەیەکی سیاسی تەواوم پێببەخشن. دواتر هیتلەر و شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا و...هتد هاتن. تا کۆتایی (١٩٣٥) یش هێشتا بڕیاری یەکلاییکەرەوەم نەدابوو. بیرمە لەو ڕۆژەدا ئەم کورتە هۆنراوەیەم نوسی کە زمانحاڵی ئەو تەنگژەیە کە تێیکەوتبووم:

دەشێ دوو سەدە بەر لە ئێستە
قەشەیەکی کامەران بوومایە

جەنگ لە ئیسپانیا و چەند ڕووداوێکی تر لە (١٩٣٦-١٩٣٧) دا تەرازووەکەیان بەلایەکدا برد و دوای ئەمە زانیم لە کوێدام. هەر خەتێك لەو کارە جدیانەی کە لەدوای ساڵی (١٩٣٦)وە نوسیومن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، دژی تۆتالیتاری و بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتی بووە، بەو شێوەیەی کە خۆم لێی حاڵیبووم. بێمانایە لای من، لەم سەردەمەی ئێستامان، ئەگەر بێژین کەسێ دەتوانێ خۆی لە پەیڤینی ئەم جۆرە مەسەلانە وەلا بدا. هەموو کەسێ ژێربەژێر یان بەهەر شێوەیەکی تر دەربارەیان دەنووسێ. پرسەکە تەنها

بۆچی دەنووسم؟

ئەوەیە کام لا هەڵدەبژێری و چ ڕێگەیەکیش دەگریتە بەر. هەموو کەسێ لە مەیلی سیاسی خۆی ئاگادارە، ئەو کەسە لەگەل هەلسوکەوتی سیاسیانەداانسی زیاترە، ەلام بەبێ ئەوەی بنەما ئیستاتیکی و ڕۆشنبیریەکەی بکاتە قوربانی.

ئەوەی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا ویستومە بیکەم، بە بەرداکردنی بەرگێکی هونەری بووە بەبەر نووسینی سیاسیدا. لە خالی دەسپێکدا هەمیشە هەستی لایەنداریم هەبووە، مەبەستم هەستێکی ناپەکسانی. کاتێ بۆ نووسینی کتێبێك دادەنیشم بەخۆم نالێم «وا کارێکی هونەری بەرهەمدەهێنم.» دەنووسم چونکە هەندێ درۆ هەیە گەرەکمە ڕوومالی بکەم، ڕاستیەك کە دەمەوێ هەندێ سەرەنجی پێ کەمەندکێش بکەم. یەکەم شت، نیگەرانی دەستکەوتنی گوێگرم. بەلام ناتوانم کاری نووسینی کتێبێك، تەنانەت وتارێکی دوورودرێژی کۆوارێك بکەم، ئەگەر ئەزموونێکی ئیستاتیکی لە پالدا نەبێ. هەرکەسێ حەزبکات لەکارەکانم وردبێتەوە،دەبینێ ئەگەر تەواو پروپاگەندەیش بن، ئەوا شتێکی ئەوتۆی تێدایە کە سیاسەکی تەواو بە ناپەیوەندیداری لەقەلم دەدەن. ناتوانم و نامەوێ بە تەواوی لە بیروباوەڕی منداڵیم دووربکەومەوە. تاکو لە ژیاندابم و تەندروستبم هەمیشە هەستم بەرانبەر بە ستایلی پەخشان بەهێزدەبێ، ڕووی ئەم خاکەم خۆشدەوێ، خۆشی لە تەنەکان و زانیاری بێ کەڵك دەبینم. سوودی نابێ گەر هەولبدەم ئەم لایەنە کپ بکەم، کارەکە بریتیە لە ئاشتکردنەوەی حەز و ناحەزەکان،لەگەل چالاکییە گشتی و تاکەکەسیەکانی کە ئەم زەمانە خستونەتیە سەر ئەستۆمان.

هەروا ئاسان نیە، کێشە بۆ بنیاد و زمان دروستدەکات، هەروەها کێشەی ڕاستیەتی بە شێوەیەکی نوێ خۆی دەردەخات بانموونەی جۆرە کێشەیەکی سادەتان بۆ باس بکەم کە قوت دەبێتەوە. کتێبەکەم سەبارەت بە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا (ستایش بۆ کەتەلۆنیا) بە دلنیاییەوە کتێبێکی ڕاستبێژی سیاسیە، لە بنەرەتدا تێکەلیەکە لە پەیوەستبوون و دوورکەوتنەوە لە فۆرم. گەلێك هەولمداوە هەموو ڕاستیەکان بلێم،بەبێ شێواندنی غەریزە ئەدەبییەکانم،بەلام لە نێو چاپتەرەکان دانەیەك هەیە، هەندێ گوتەی وەرگیراوی ڕۆژنامەکانی لە خۆگرتووە، کە پالپشتی لە ترۆتسکیستەکان دەکات، ئەوانەی بە پلانگێران لەگەل فرانکۆ تاوانبار کرابوون. حاشا هەلنەگرە کە ئەم چاپتەرە، لای هەر خوێنەرێکی ئاسایی دوای ساڵێك یان دوان چێژی خۆی لەدەستدەدات وکتێبەکەش وێران دەکات. ڕەخنەگرێك کە زۆر ڕێزی هەیە لە لام وانەیەکی پێدام. گوتی «بۆ ئەم هەمووە شتەت تێئاخنیوە؟ ئەوەی کە دەشیا کتێبێکی باشبێ گۆڕیوتە بۆ ڕۆژنامەوانی.» ئەوەی گوتی ڕاستە، بەلام نەمدەتوانی پێچەوانەکەی ئەنجام بدەم. من شتێکم دەزانی کە خەلکێکی کەم لە ئینگلستان ڕێگەیان پێدرابوو بیزانن، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە خەلکی بێتاوان بە هەلە تاوانبار کرابوون. ئەگەر ڕقم لەوە هەلنەستابا، ئەوا هەرگیز کتێبەکەیشم هەر نەدەنووسی.

بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم ئاریشەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە. کێشەی زمان وردترە و کاتی زۆرتر بۆ تاوتوێکردن دەخوازێ. تەنها ئەوە دەلێم کە لەم سالانەی دواییدا کەمتر پەرش و نامۆ، بەلکو زیاد وردتر دەنووسم. بە گشتی بۆم دەرکەوتووە کە کاتێ ستایلێکی نووسین دەستدەخەی، ئەوا زیاد لە پێویست لێی لادەدەی. (مەزرای ئاژەلان) یەکەم کتێبە، بەو پەڕی هۆشەوە لەوەی کە دەمکرد، تێیدا هەولمداوە کە مەبەستی سیاسی و هونەری تێکەل بە یەکدی لە یەك قالبدا دابرێژم. بۆ ماوەی حەوت سال دەبێ، کە هیچ ڕۆمانێکم نەنووسیوە، هیوام وایە هەر بەم زووانە دانەیەکی تر بنووسم. وا پێدەچێ شکستبێ، هەموو کتێبێ هەر شکستە، بەلام لام ڕوون نیە کە دەخوازم چ جۆرە کتێبێك بنووسم.

ئەگەر بە یەك دوو لاپەڕەی کۆتایی دابچمەوە ، وادەبینم کە دەردەکەوێ وەك بلێی پالنەرەکانم لە نووسیندا هەموو بە خەلکەوە بەندبن، نامەوێ ئەمە وەك ئینتیباعی کۆتایی جێبێلم. هەموو نوسەرەکان بێکەڵك و خۆپەرست و تەمبەلن و لە قولایی پالنەرەکانیاندا مەتەلێك هەیە. نووسینی کتێبێك ململانێیەکی سامناك وماندوکەرە، وەك توشبوون بە دەردێکی کوشندە وایە. کەسێك شان ناخاتە بەر شتێکی ئاوا، مەگەر ئەهریمەنێك دنەی نەدات کە نەدەتوانێ بەرهەلستی بکات و نە لێشی تێبگات. هەموو دەزانین کە ئەو ئەهریمەنەش هەمان ئەو غەریزەیە کە منداڵ بۆ هۆش وەرگرتن بە بێعاری دەخات. لەگەل ئەمەشدا ڕاستە کەسێك ناتوانێ شتێکی بەپێز بنوسێ، تاوەکو هەولنەدات کەسایەتی خۆی نەسرێتەوە. پەخشانی چاك، وەك شوشەی پەنجەرە وایە. بە تەواوی نازانم کام پالنەر لە هەموان بەهێزترە لەلام، بەلام دەزانم کامیان شایستەی شوێنکەوتنە. ئەگەر بەکارەکانمدا بچینەوە، بێ شەك دەبینم لەو شوێنەدا مەبەستی سیاسیم لاوازبووە، کە کتێبی بێگیانم نووسیوە و بە هەلە کەوتومەتە داوی پاسیجی ڕازاوە و ڕستەی بێمانا و وەسفی دیکۆری لەڕێلادەر.

تێبینی: ئەم وتارە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری گانگریل لە لەندەن لە هاوینی ١٩٤٦دا بلاوکراوەتەوە

ئایدیا
گۆڤارێکی فکرییە دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم